ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

# Xara 3D و کوردی نووسین.

نووسەر: Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

Xara 3D چیە؟
Xara 3D پرۆگرامێکی زۆر چاک و بەناوبانگە بۆ نووسین بە شێوازی 3D. نوێترین وەشانی تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، وەشانی شەشەمە.
ئەو پرۆگرامە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتی ژمانی کوردی ناکات و ئەبێ پرۆگرامێکی یاریدەر بەکار ببرێت بۆ بە کوردی نووسین لەو پرۆگرامەدا.
لەم بابەتەدا چۆنیەتی بە کوردی نووسین لەگەڵ پێناسەیەکی خێرای پرۆگرامەکە شی دەکەمەوە.
وێبگەی پرۆگرامی Xara 3D.
بۆ بە کوردی نووسین ئەبێ پرۆگرامی Kurdish Office بەکار ببرێت وەک پرۆگرامی یاریدەر.
گەر پرۆگرامی ئۆفیسی کوردیت نیە دەتوانی لێرە دایبگریت.
پاش داگرتن و دامەزراندن، بیکەوە و نووسینەکانت بنووسە لە نێو ئەو پرۆگرامەدا، واتە پرۆگرامی ئۆفیسی کوردی.




نووسینەکان ڕوونووس بکە.
پاشان پرۆگرامی Xara 3D بکەوە، کرتە بکە سەر ئایکۆنی نووسین.




پاشان لە ڕیزی جۆرەپیتەکاندا، جۆرەپیتی Kurdistan یان جۆرەپیتێکی دیکەی تایبەت بە ئۆفیسی کوردی هەڵبژێرە، دواتر لە بەشی نووسینەکەدا کرتەیەک بکەو پەنجە بنە بە Ctrl+V بۆ لکاندنی نووسراوەی ڕوونووس کراو.
لە کۆتاییدا OK کرتە بکە.




پاشان دەبینی کە نووسینەکەت بە کوردی و بەبێ کێشە دەردەکەوێت.

-----------

شیکردنەوەیەکی کورتی Xara 3D.

4. هەڵبژاردنەکانی ڕەنگ، دەتوانی ڕەنگی نووسین لێرەدا بگۆڕی.

5. هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە شێوازی 3D نووسراوە.

6. هەڵبژاردنەکانی دارشتن.

7. هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە تیشک و سنووری دەورووبەری نووسراوە.

8. سێبەری نووسراوە و هەڵبژاردنەکانی.

9. هەڵبژاردنەکانی ڕووپەڕی نووسراوە، بۆ نموونە دەتوانرێ وێنەیەک یان شێوەیەکی تایبەت وەک ڕەنگی نووسراوە هەڵببژێردرێت.

10. هەڵبژاردنەکانی جووڵاندن. یەکێک لە بەشە جوان و گرنگەکانی ئەو پرۆگرامە، بەشی خولقاندنی نووسراوەی جووڵاوەیە/ Animation.




پاش کرته کردنه سەر هەڵبژاردنەکانی جووڵاندن، لە بەشی ڕاستدا تووڵێکی تایبەت بە ڕێکخستەکانی ئەو بەشە دەکرێتەوە. پرۆگرامی Xara 3D زۆر شێوازی جووڵاوەی ئامادەی لە خۆ گرتووە، دەتوانرێ بە کرتە کردنە سەر Animation Picker یەکێک لەو شێوازانە هەڵببژێردرێت.




پاش هەڵبژاردنی کاریگەری جووڵاوە بۆ نووسراوەی نێو پرۆگرامەکە، Open کرتە بکە.
بەو شێوەیە توانیت شێوەیەک و کاریگەریەکی جووڵاوە ببەخشی بە نووسراوەکە.
کۆتایی

Nov 2005 03

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت